

# ووشەی ( ئا.....نا ) لە دیالۆگی مۆدێڕندا

## جەزا چنگیانی

**هەردوو ووشەی ( ئا ... نا )لە دیالۆگی نێوان دوو مرۆڤدا( مێ بن یان نێر )ژن و مێرد بن یان جووتی خۆشەویستی . لە نێوان دوو گرووپی دیالۆگداری خاوەن هەر شێوەیك لە بنەمای هزری و ئابوری بن هەردوو ووشەی (ئا... نا) بەپێ ویست و هەڵویستی دیالۆگدار و بەرژەوەندی وئیستراتیجی دیالۆگەکە ڕۆڵدەبینن هەردوو ووشەی(ئا....نا)ڕۆحێکی ئۆپۆزسیونی پیرۆز لە نێو گرووپی دیالۆگداردا دەژینێ(دەخولقینێ) لە پڕۆسیسی سیاسی ولە گرفتە دبلۆماسی وکارە بازرگانیەکاندا ئەگەر هەردوو جەمسەری دیالۆگدار وەك پیویست و هەڵویست ولە ئاست بەرژەوەندیان(توانیان , زانیان , شارەزاریانە , دبلۆماسیانە , سیاسیانە) ئەو دوو ووشەیە بەکاربهێنن.ئەوە هەردوو جەمسەری دیالۆگدار دەگەنە ئەنجامێکی بەسوود و ئارام ئەمە سیستەمی ئاوزانی دیالۆگی کۆمەڵگا دیموکراتییەکانە بۆیە بە ئارامی کێشەکانی نێوانیان چارەسەردەکەن. هێگل پێوایە(تاك ناتوانی بە ئامانجەکانی بگات ئەگەر ئامانجی بەرامبەری پەسەند نەکات)*1 لەسەردەمی دروستبوونی کێشەکانی مرۆڤەوە تا ئیستا هەر وابووە تا مرۆڤیش کێشەکانی بمێنیتەوە لە دیلۆگدا هەردوو ووشەی( ئا... نا )ڕۆڵی چارەنوسدار دەبینن.**

**ئەگەر ئەم ڕاستیە بەرجەستە بوونی ئاوزانی هوشیاری خاوەن دیالۆگی مۆدیرن بن ئەوە نەگبەتی بەشێك لە مرۆڤی کۆمەڵگای پریمتیف گۆی لەیکتری نەگرتن و نەبوونی ڕۆڵی هەردوو ووشەی( ئا... نا) یە .**

**لە پەرلەمانی باشوری کوردستان بوونی هەردوو ووشەی( ئا... نا)بەکردار بە پراکتێکی دیموکراتیانەی مۆدیڕن بوونی نیە ئەگەر لە نێوان قسەکردن لەسەر بابەتێکیش چەند کەسێك وەك دیکۆر دانرابن بۆ ووتنی ووشەی (ئا... نا) ئەمە نیشانەی دیالۆگی مۆدێڕنی دیموکراتیانەی نێو پەرلەمانی کوردستان نیە. بەپێ قسەیەکی بەڕێز دکتور نوری تاڵەبانی و ئەندامی پەرلەمانی باشوری کوردستان لەکاتی هاتنی عمروموسی سەرۆکی کۆمکاری عەرەبەکان بۆ باشوری کوردستان و سەرۆکی پەرلەمان پێشکات بەسەرجەم ئەنداماني پەرلەمانی ووتبوو ( بۆکەس نیە پرسیار لە عمروموسی بکات )**

## عەمرو موسا بە فاولیك كولی لە پەرلەمان كردو پەرلەمانیش قبولی كرد



### گۆیگرانی خۆشەویست  بۆ كەس نیە پرسیار بكات

سەیرە پەرلەمانێك باس لە دیموكراتی وماڤی مرۆڤ بكات كەچی ڕێگە بە ئەندامی پەرلەمان نەدا پرسیارێك لە میوانی پەرلەمانەكەی بكات ؟ئەمە  ئەوە دەگەینێ هەرچی ووشەی(ئا....نا)ی نێو پەرلەمانی باشوری كوردستان هەیە لە تەك خاوەن بەرژەوەندیەكانی دەسەڵاتداراندا دادەرێژرێ پەرلەمانەكەی باشوری كوردستان هەمان شێوەی پەرلەمانەكەی صدام و ئاوزانی ڕەق و ووشكهەڵهاتووی كۆمەڵگای پریمتیڤی ڕۆژهەڵات نیشاندەدا.جاران بەكارهێنانی ووشەی(ئا....نا)كانی پەرلەمانی عیراق لە سەر كێشەكانی ووڵات و هاو ووڵاتی لە كۆشكی كۆماری صدامەوە دەردەچوو ئیستاش بڕیارەكانی پەرلەمانی باشوری كوردستان لە كۆشكی قەڵاچۆلانی جەلال و صلاح الدینی مەسعودەوە دەردەچێ.ئەندامی هەر پەرلەمانێكی دونیای دیموكراتی بگریت لەسەر ئاستی هوشیاری كەسەكە دەستنیشان دەكرێت.لە باشوری كوردستان لە ئاست خۆشەویستی و ملكەچی بۆ هەردوو سەرۆك و خێزانەكانی(جەلال و مەسعود)دادەمەزرێن.پەرلەمانی باشوری كوردستان سەخناخە لە كەسانی عەوام و كۆلكە نەخوێندەوار.لە دەرەوەی پەرلەمانیش سوپایە لە كەسانی خۆیندەوار و هوشیاری كوردهەن وەك بینەرێكی خەسینراوی تراجدیای كوردوبڕیارەكانی پەلەمانن.بۆیە چاوەڕوانكردنی پڕۆسێسی سیاسی مۆدیڕن ودیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگای كوردی لە لایەن پەرلەمانتارانی ئاوزان شاخاوی باشوری كوردستانەوە خەوێكە تەنیا بە شۆڕشێكی سپی دژی دەسەڵاتی شاخ و پەرلەمانی ئێكسپایەر دێتە دی .

* فلسفه القانون و السیاسه عند هیگل .....دار الشروق .... د. عبدالرحمن بدوی

سان پیترسبۆرگ18-05-2006
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de